ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئایا حزبی عەلمانی شەرعییەتی هەیە لە کۆمەڵگەی موسڵماندا؟

فاضل قەرەداغی

ڕێگای یەکبوون ٧٢، ٢٤/٧/٢٠٠٠،ل ٥

لە میانەی جەنگی عەلمانی دژی ڕەوتی ئیسلامی کۆمەڵێك ڕەخنە و بڕیار دەدرێنە ڕووی ئەو ڕەوتە. جۆرێکی ئەو ڕەخنانە بریتییە لە هەوڵێك بۆ داماڵینی شەرعییەتی هەبوونی کۆمەڵە ئیسلامییەکان. عەلمانییەت لەم هەوڵەیدا دەڵێت: لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا کۆمەڵە ئیسلامییەکان شەرعییەتیان نییە. بە واتایەکی تر: کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەیانەوێت خەڵکەکە موسڵمان بکەن، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە موسڵمانە، کەواتە کۆمەڵە ئیسلامییەکان زیادەن.

قسەیەکی وا بە هەموو پێوەرەکان هەڵەیە؛ بە پێوەری ئیسلامی هەڵەیە و بە پێوەری عەلمانیش هەر هەڵەیە. بە پێوەری عەلمانی هەڵەیە چونکە عەلمانییەکانی ئەمڕۆ باوەڕیان بە دیموکراسییە، ئیتر ئەگەر باوەڕێکی ڕاستەقینە بێت یان تەنها ئیدیعا.

دیموکراسیش ڕێگە لە دروست بوونی حزب ناگرێت، چەند وڵاتەکە دیموکراتی تر بێت ئەوەندە قەید و شەرت لەسەر دامەزراندنی حزب کەمترن. تاکو بیروباوەڕ و ئامانج و ئەو وەسیلانەی حزب دەیانگرێتە بەر دژ بە دەستوور نەبن کەس ناتوانێت ڕێگە لە دروستبوونی هیچ حزبێك بگرێت. کاتێکیش دەستووور دامەزراندنی حزبێکی ئاینی یان هەر جۆرە حزبێکی دیکە قەدەغە بکات ئەو دەستوورە دەبێتە حزبێکی نادیموکراتی، یاخود کەمتر دیموکراتی لە چاو دەستوورەکانی تر.

قسەی سەرەوەی عەلمانییەکان بە پێوەری ئیسلامیش هەڵەیە چونکە کۆمەڵە ئیسلامییەکان (ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت کە ڕێچکەی زیاد ڕەوییان گرتۆتە بەر) کۆمەڵگە موسڵمانەکان بە کافر نازانن بۆیە نەیانوتووە و ناڵێن جەماوەر دەکەینە موسڵمان. کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەیانەوێت کۆمەڵگەی موسڵمان ژیانێکی ئیسلامیی پوخت بژی؛ کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی لە ئیسلام دوورن بگۆڕدرێن و ڕەفتاری ئیسلامییان بێتە جێ، کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەیانەوێت بیدعە بمرێنن و سوننەت بژێننەوە، دەشیانەوێت ئەو ڕاستییانەی ئیسلام ڕاست بکەنەوە کە نەزانینی خەڵك و پیلانی دوژمنان شێواندوویانن، بێگومان ئەوەشیان دەوێت یاساکانی وڵات بە ئیسلامی بکرێن، لەمەش فراوانتر ئەوەیە ئامانجەکانی دەوڵەت ئیسلامی بن.

سەرجەم ئەمانە گەورەترین پرۆژە پێك دەهێنن کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان پێویستێتی. کۆمەڵگەی موسڵمان بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەم شتانەیە، پاش ئەوە نۆرەی ئامانجەکانی تر دێت.

هەوڵی کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش بۆ بەدی هێنانی ئەو پرۆژەیە شەرعییەت بەو کۆمەڵانە دەدات کە هەبن و لە هەمان کاتدا شەرعییەت لە حزبە عەلمانییەکان دەسەنێتەوە.

عەلمانییەت ئاوەڕ لە هیچ لە موفرەداتی ئەم پرۆژەیە نادات و کۆمەڵگەی موسڵمان وردە وردە رووەو بایەخ نەدان بە ئاین رادەکێشێت و رۆژ بە رۆژ ژمارەیەکی زۆرتری مولحد لە ناو ئەو کۆمەڵگە موسڵمانە دێنێتە بەرهەم.

بڕوانە کە عەلمانییەکان تەنها لە میانەی ململانەکەیان لەگەڵ ئیسلامییەکاندا باس لە ئیسلام و کۆمەڵگەی موسڵمان دەکەن و خەفەت بۆ ئیسلام نیشان دەدەن چونکە ئەو ئیسلامە پاکە لەسەر دەستی ئیسلامییەکان تێکەڵ بە سیاسەتی نەگریس دەکرێت و فرمێسکی تیمساح بۆ ئەو کۆمەڵگە موسڵمانە دەرێژن کە ئیسلامییەکان بە کافری دەزانن و دەیانەوێت موسڵمانی بکەن.

ئەی کاتێك ئەو ململانە عەلمانی – ئیسلامییە لە ئارادا نەبێت چی دەبینین؟ تەماشای ئەدەبیاتی عەلمانی بکە هەست دەکەیت کە زۆربەی عەلمانییەکان قێز لە زاراوەی وەك (کۆمەڵگەی موسڵمان) دەکەن و وشەی تر بەکار دەهێنن، عەلمانییەکان کاتێك باس لە فیکری خۆیان دەکەن و کاتێك هیچ ئیسلامییەك لە وێنەکەدا نەبێت زاراوەی تر بەکار دەهێنن.

کە باسیش دێتە سەر هەندێك بابەت تەنانەت ناوی خوداش دەکوژێننەوە و ناوی تری ((زانستی تر)) بەکار دەهێنن وەکو بۆ نموونە (سروشت)قسەی زۆری وا دەبیستین : سروشت بەر لە ئەوەندە ملیۆن ساڵ ئەم کارەی کرد، سروشت ئەم جۆرە و ئەو جۆرە سامانەی پێ بەخشیوین، سروشت بەهرەی عەقڵی پێمان بەخشیوە..تاد، هەر کەسێکیش وا نەڵێت دواکەتووە، عەقڵی خورافییە، ورێنەی نازانستی دەکات... عەلمانییەت ئەمەو چەندین بیر و باوەڕی هاوشێوەی ئەمەی بۆ کۆمەڵگەی موسڵمان پێیە.

لە رووی رەفتار و ئەخلاقی فەردی و کۆمەڵایەتیشەوە زۆر جار عەلمانییەت بۆ چوونی نارێك بە ئیسلامی هەیە و زۆر لەو شتانەی لە ئیسلامدا حەرامن عەلمانییەت حەلاڵیان دەکات و بە پێچەوانەوە.

عەلمانییەت دوو دڵی نایگرێت ئەگەر لە کاتی نارێکی نێوان دەقێکی ئاینی و بیروبۆچوونێکی بەشەری دووەمیان هەڵبژێرێت.

ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە واجبە لەسەر موسڵمانان بەلام عەلمانییەت هیچیان ناکات، لەوەش زیاتر: عەلمانییەت زۆر جار ئەمر بە خراپە دەکات و نەهی لە چاکە دەکات.

عەلمانییەت گومان دەخاتە شەرعیەتی هەبوونی حزبە ئیسلامییەکان گوایە گومەڵگەکەمان موسڵمانە و پێویستی بە حزبی ئیسلامی نییە کەچی رێگە بە هەبوونی حزبە کۆمۆنیستەکان و حزبە ئیلحادییەکانی تر دەدات بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێ گریانەکەی بۆ کۆمەڵگەی موسڵمان چی بەسەردا هاتووە.

لیستەکە دوورودرێژە و ئەوەندە بەسە تا بزانین چۆن عەلمانییەت و کۆمەڵگەی موسڵمان پێکەوە کۆ نابنەوە مەگەر بە خۆسەپاندنی عەلمانییەت و بە شێواندنی راستییەکانی ئیسلام.

عەلمانییەت بۆ کۆمەڵگەیەکی کافر گونجاوە نەك بۆ کۆمەڵگەیەکی موسڵمان هەرچەندە لەم حاڵەتەشدا دیسان عەلمانییەت بۆ کۆمەڵگەی کافر باش نییە چونکە بە پێی پێوانەکانی ئەو ئیسلامەی کە عەلمانییەت بۆ پاکێتییەکەی دەگری پێویستە ئەو کۆمەڵگە کافرە بۆ ئاینی خودا بانگ بکرێت نەك عەلمانییەتێك حوکمیان بکات کە زیاتر لە جاران چەواشەیان بکات. بە واتایەکی تر کۆمەڵە ئیسلامییەکان تەنانەت لە کۆمەڵگەی بێباوەڕانیشدا شەرعیەتی وجودیان هەیە.

بەم شێوەیە کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە هەردوو کۆمەڵگەی بێ باوەر و ئەو کۆمەڵگە موسڵمانەی لادانی تێدا بەرپا بووە شەرعییەتی هەیە. تەنها لەژێر حوکمێکی ئیسلامیدا ئەو کۆمەڵانە شەرعییەتیان نامێنێت، مەگەر بە

باوەڕی هەندێك لە ئیسلامییەکان کە دەڵێن دەکرێت لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا حزبی ئیسلامی هەبێت کە ئەمەش رای کەسانێکە دەیانەوێت خۆیان شیرین بکەن و لە دیموکراتییەکان خۆیان دیموکراتی تر نیشان بدەن مەسەلەیەکی واش بە قسەو رای بیٚ بەڵگە ناکرێت بەڵکو پێویستی بە فەتوایەکی شەرعی هەیە، ئەگەر فەتوا شەرعییەکەش وتی ئەمە رەوایە کەواتە ئەم جارە حزبی ئیسلامی لە سیٚ کۆمەلگەدا شەرعییەتی وجودی هەیە: لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمان کە حوکمەکەی ئیسلامی نییە، لە دەوڵەتی ئیسلامی، لە کۆمەڵگەی بێباوەڕ.

بەم پێیە پێویستە حزبە عەلمانییەکان لە جیاتی باسکردنی شەرعیەتی هەبوونی حزبی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی موسڵماندا بکەن ئەو راستییە بزانن کە ئەوان بۆ خۆیان ئەو شەرعیەتەیان نییە.